# ڕۆڵی نەوت لە کێشی سیاسی هەرێمی کوردستان عێراق

**ID No. 3144**

(PP 215 - 241)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.6.13

**جەزا تۆفیق طالب**

بەشی جوگرافیا-کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

/زانکۆی سلێمانی

Jaza.talb@gmail.com

**سیروان عارەب صادق**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان - کۆلێژی پەروەردەی

بنەرەتی /  زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

serwan.sadiq@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2019/08/21**

**پەسندکردن : 2019/10/08**

**بڵاوکردنەوە : 2019/12/05**

**پوختە**

نەوت بە یەکێك لە سەرچاوە سروشتیە گرنگەکان دادەنرێت کە رۆلی ستراتیژی هەیە لە کاتی شەرو ئاشتی دا نەوت بەردەوام نرخەکەی دەگۆڕیت بەلام گرنگیەکەی بە هیچ شێوەیەك کەم نابێتەوە چونکە تاکو ئێستا نەتوانراوە جێگرەوەی نەوت بدۆزرێتەوە بۆیە ئەو وولاتانەي خاوەنی سەرچاوەی نەوتین گرنگیەکی تایبەتیان هە یە لە ئابوۆي جیهان وە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگیەکەیان زیاد دەکات بە هۆی زۆر خواستی بازار بۆ نەوت و کەم بوونەوەی ڕێژەی نەوت چونکە نەوت سەرچاوەیەکە نوێ بوونەوەی نیە بەلکو کۆتایەکی دیاریکراوی هەیە,هەرێمی کوردستان خاوەن یەدەگێکی نەوتی زۆرە بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگیەکەی لە رووی سیاسی و ئابوری زیاد دەکات لەم توێژینەوە هەولدەدەین ئەم گرنگیە بخەینەروو.

**ووشە گرنگەکان:** پترۆڵ ، کێڵگەی نەوت ، یەدەگی نەوت ، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی

نەوت کاڵایەکی ئابوری گرنگە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەشەسەندنی ئەو ناوچانەی کە خاوەنی برێکی زۆر نەوت و یەدەگی نەوتین. هەرێمی کوردستانی عێراقیش یەکێکە لەو ناوچانەی کە لە جیهاندا برێکی زۆر یەدەگی نەوتی هەیە ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهاندا چونکە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا جیهانیە بەناوبانگەکان لەهەرێمی کوردستاندا کاری گەڕان و دەرهێنانی نەوت ئەنجام دەدەن.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گرنگی نەوت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت بە هۆی کەم بونەوەی ڕێژەکەی لەسەر ئاستی جیهان و نەبوونی جێگرەوەی نەوت لە کاتی ئێستادا ئەمەش هۆکارە کە لە داهاتویەکی نزیکدا باری ئابوری و سیاسی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەر دابێت ، نەوت ڕۆڵی هەبێت لە بەهێزکردنی پێگەی هەرێم لە کێشە سیاسی و ئابوریەکانی ناوچەکە.

## ئامانجی توێژینەوە:

1-دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی نەوت لە بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان.

2- دەرخستنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی جیهانی ووزەدا بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی توانای نەوتی هەرێمی کوردستان و دابەشبوونی یەدەگی نەوتی لە ناوچەی توێژینەوەدا.

3- خستنەرووی ڕۆڵی کۆمپانیا بیانیەکان لە دروستکردنی پاڵپشتی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسی و ئابوری بۆ هەرێمی کوردستان.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەکارهاتوە بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامیکی زانستی و بابەتیانە بۆ توێژینەوەکە.

## پلانی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە ، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی:

1-ناساندنی چەمکە سەرەکیەکان و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

2 - دابەشبوونی سەرچاوەی نەوتی لە هەرێمی کوردستان

3 - بەرەو پێشچوونی رێژەی بەرهەمی نەوت و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم

**1-ناساندنی چەمکە سەرەکیەکان و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

**1 – 1 - ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە**

**1-1-1-پترۆل:**

زاراوەی پترۆلیۆم petroleum ووشەیەکی لاتینیە لە سالی 1952 بەکارهاتووە و لە دوو برگە پێکهاتووە Petro بە مانای بەرد دێت و olume بە مانای رۆن یان چەوری دێت بە شێوەیەکی گشتی ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ هەموو ئەو کەرەستە هایدرۆکاربۆنیانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی دروست دەبێت (الراوی ،1981 ، ص15-17).

1 **- 1 -2 - هەرێم:**

هەرێمی جوگرافی ئەو پارچە زەویەیە کە لە دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەکی جوگرافیدا لە یەکتر دەچێت تا ئەو رادەیەی وا لەو پارچە زەوییە دەکات تایبەتمەندییەکی وای هەبێت لە زەوییەکانی دەوروبەری جیاواز بێت. یاخود دەتوانین بلێین بریتیە لەو پارچە زەوییەی کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و جیاوازە لە زەوییەکانی دەوروبەری لە رووی سروشتی و مرۆییەوە ، دەکرێت هەرێم چەند ناوچەیەکی جیاواز بگرێتەوە بە بێ ڕەچاوکردنی لایەنی کارگێری و سیاسی واتە سنوری سیاسی و کارگێری لە هەرێمەکان ڕەچاوناکرێت(السماك ، 2010 ، ص79).

**1 - 1 – 3 - کوردستان:**

لە رووی مێژووییەوە ناوی کوردستان بۆ یەکەم جار وەك هەرێمێك یان زاراوەیەکی جوگرافی لەسەردەمی سەلجوقیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمی (1150ز) بەکارهاتووە ، (سەنجاری sanjar) دوا پاشای سەلجوقیەکان یەکێك لە هەرێمەکانی وولاتەکەی ناوناوە کوردستان و هەرێمی (قەلای بەهار) کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری هەمەدان بە پایتەختی هەرێمەکە دیاری کردووە(نەقشەبەندی، 1999،لا 9)، ئەو هەرێمە لە چەندین وویلایەتی خۆرهەلات و خۆرئاوای زنجیرە چیای زاگرۆس پێك هاتبوو.

جەلال تاڵەبانی دەربارەی کوردستان دەڵێت: کوردستان ئەو وولاتەیە کە کوردی تێدا نیشتەجییە و چەند کەمینەیەکی تێدا دەژی. هەروەها دائیرەی مەعاریفی بەریتانی دەڵێت ( کوردستان خاکی کوردانە و ناوچەیەکی شاخاوی و نیمچە شاخاوییە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن) کەواتە دەتوانین بلێین کوردستان نیشتیمانی کوردانە لە دێر زەمانەوە کورد لەو ناوچەیە ژیاون و بەرگەی هەموو کارەسات و نارەحەتیەکانیان گرتووە و پارێزگارییان لە زمان و کلتوری خۆیان کردووە( تاڵەبانی، 1970، لا 17).

**1 - 1 – 4 - عێراق:**

چەمکە زمانەوانیەکەی لەچەمکە کارگێری و سیاسیەکەی جیاوازە هەروەها لە قۆناغە مێژوییە جیاوازەکانیش گۆرانی بەسەرداهاتوە. رۆژهەلاتناس (هرتسفیلد) پێیوایە لە ووشەی (ئیراك) هاتووە واتە لێژی یان باشور دواتر گۆراوە بۆ (عێراق) ( تالب ، 2000، لا16). لە رووی کارگێری و سیاسیەوە لەسەردەمی (عومەری کوری خەتاب) ناویان لێ ناوە خاکی بە پیت (ارض سواد). سنوری باکوری عێراق لە سنوری (تکریت – هیت) تێپەرنەبووە و واتە هەرگیز زنجیرە چیاکانی حەمرین تێنەپەراندووە. دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق زاراوەی عێراق هەموو ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە لە رووی سیاسی و کارگێریەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (29,27 – 37,22) لە باکور و هێڵی درێژی (42,38 – 48,45) لە رۆژهەلات کە رووبەرەکەی (438317 هەزار کم$^2$). لە رووی شوێنی جوگرافی دەوڵەتی عێراق دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای ئاسیا، ئوردن و سوریا لە رۆژئاوا و تورکیا لە باکور و ئێران لە رۆژهەلات و کوێت و سعودیە لە باشور و باشوری رۆژئاوا ، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە پێ بەرژەوەندی چەند وولاتێکی گەورە دەوڵەتی عیراق لە ساڵی (1921) دروست کرا بەمەش بەشێکی کوردستان بەو دەوڵەتە لکێنراوە ئەویش بە گوێرەی بریارێکی رۆژی (16)ی کانونی یەکەم ساڵی (1925) کۆمەڵەی گەلان.

**1 - 1 – 5 - بیر:**

کونکردنی رووی زەوی، هەڵکۆڵین و و برینی پێکهاتەکانی بەردی ژێر زەوی دەگرێتەوە بە مەبەستی دۆزینەوەی لە پێناو بە دواگەران و بەرهەمهێنانی نەوت(عبدالوهاب واخرون ، 1981، ص108).

**1 - 1 – 6 - کێلگەی نەوتی:**

حەشارگە یان کۆمەلیك لە حەشارگەکانی نەوت لە پیکهاتەیەکی جیۆلۆجی یان لە دیاردەیەکی جیۆلۆجی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهینریت بە شێوەیەکی بازرگانی و بە پێی تەکنەلۆژیایەکی ئاسایی و سودێکی ئابووری هەبێ(عبدالوهاب واخرون ، 1981، ص106).

**1 - 1 – 7 - یەدەگی نەوت:**

بڕو قەبارەی ئەو نەوتەیە کە لەناخی زەوی هەیە لە کێڵگە نەوتیەکان و دەتوانرێ بەرهەمبهێنریت بە ئامرازی تەکنەلۆژی پێشکەوتوو، یەدەگی نەوت گۆرانکاری بەسەر دێت بە پێی کات و بارودۆخی تەکنەلۆژی و ئابوری بەهێز و دیاریکردنی بڕی یەدەگی نەوتی بە پێ قەبارە و پانی و درێژی و فراوانی و بنکەی کۆگاکان( السماك، 1987، ص37)، یەدەگی نەوتی دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری سەرەکی:

**1 - 1 – 7 – 1 - یەدەگی نەوتی مسۆگەر:**

بڕی ئەو نەوتەیە کەوا زانیاری هەیە لە رووی جیۆلۆجی و ئەندازەیی و توانای دەرهێنانی هەیە و زانیارییەکان بە شێوەیەکی وورد و ئابوریانە و بەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ.

**1 - 1 – 7 – 2 - یەدەگی نەوتی نامسۆگەر:**

بڕی ئەو نەوتەیە دۆزراوەتەوە و برەکەی زانراوە بەلام نازانرێ تێچوونی ئابوری چەندە.

**1 - 1 – 7 – 3 - یەدەگی نەوتی چاوەروانکراو:**

بریتیە لەو رێژە نەوتە و پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیانەی کە پێشبینی دەکرێت بوونی هەبێت لە چاڵە نەوتیەکان، هیچ کارێك بۆ ئەنجامنەدراوە بۆ دەرهێنانی بەلام زانیاریەکان ئەوە دەردەخەن کە لەو ناوچەیە نەوت بوونی هەیە چونکە لە ناوچەکانی دەوروبەری نەوت دۆزراوەتەوە و دەردەهێنرێت بەلام لەسەرەتادایە.

**1 -2 - ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (37:22: و 32:22) باکوور و هێڵی درێژی( 41:8: و 46:18 ) ڕۆژهەڵات. هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ناوچە مامناوەندییەکانی باکوری گۆی زەوی و هەر چوار وەرزی ساڵی تێدا بەدی دەکرێت، جگە لەوە درێژبونەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر چوار بازنەی پانی بۆتە هۆی دروست بوونی هەرێمی ئاووهەوای جیاواز لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، بەمەش ئاووهەوای هەرێمی کوردستان دابەش دەبێت بەسەر دوو ناوچەی سەرەکی هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەراست (Csa) ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکور و باکوری رۆژهەلات واتە ناوچە شاخاوییەکان دەگرێتەوە ، هەرێمی ئاووهەوای کورتەگیای (ئستێبس) (Bsh) لە باشوور و نەگەر بگۆرلاوەراستی هەرێم واتە ناوچەی نیمچە شاخاوی و دەشتەکان، سەبارەت بە رووبەری هەرێمی کوردستان بیر و رای جیاواز هەیە چونکە تا ئێستا سنووری باشور و باشوری خۆرئاوای هەرێم دیاری نەکراوە ئەمەش بۆتە هۆکاری دروست بونی جیاوازی لە دیاریکردنی رووبەری هەرێمی کوردستان، بەلام بیروراکان لەگەل ئەوەن کە رووبەری هەرێمی کوردستان نزیکەی (82737)کم$^2$ ، ئەمەش لە (18,88%) خاکی عێراق پێك دەهێنێت کە رووبەرەکەی (438317) کم$^2$ (اسماعیل، 2004، لا 10).


**2 - دابەشبوونی سەرچاوەی نەوتی لە هەرێمی کوردستان**

دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، کە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی رابردوو کاتێك کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات بۆ گەشتی دێدەوانی هاتۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەولەتی عوسمانی گەیشتونەتە کوردستان لە ساڵی 1898 دەستی کردووە بە گەران و بە دواداچون بە دوای نەوتدا ، ساڵی 1992 یەکەم بیرە نەوت لە چیای سۆراخ لێدراوە لە لایەن کۆمپانیای بەریتانی – ئێرانی کە لەلایەن ولیەم دارسی سەرپەرشتی دەکرا ، هەروەها لە رێکەوتی 25-6-1927 لە ناوچەی بابەگورگور لە کێڵگەی نەوتی کەرکوکدا ، لە ساڵی 1934 بۆ یەکەمجار نەوت بەشێوەیەکی بازرگانی فرۆشراوە بە درێژایی ئەم مێژووە تاکو ئێستا نەوت لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان دەرهێنراوە بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشور و باشوری رۆژئاوای هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم ناوچەیە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بووە بەڵام لەناوچەکانی دیکە تارادەیەك لە ڕووی گەران و بەدواداچوون پشتگوێ خراوە چونکە ناوچەیەکی نائارام بووە بەهۆی ئەو شۆرشانەی کە لەو ناوچەیە هەڵگیرساوە ، بە نمونەش شەری نێوان عێراق و ئێران گرنگی گەڕان و بەدواداچونی لەم ناوچەیە کەم کردۆتەوە بەهۆی نزیکی ئەم ناوچانە لە سنوری ئێراندا، لێرەدا هەوڵ دەدەین نەوتی هەرێمی کوردستان دابەش بکەین بەسەر چەند بلۆکێکی نەوتیدا:

**2 – 1 - دابەشبوونی كێڵگە نەوتیەكانی پارێزگای كەركوك**

كەركووك بە گرنگترین شاری نەوتی لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندا دادەنرێت.چونكە رێژەی بەرهەمر و یەدەگی بە بەراوورد بە ناوچەكانی دیكەی عێراقدا یەكجار زۆرە. زۆرترین بیرە نەوتیەكانی هەرێمی كوردستان كە ئێستا بەرهەمی نەوتی تێدا بەرهەمر دەهێنرێت دەكەوێتە پارێزگای كەركووك. نەوتی كەركووك لە رووی جۆرەوە زۆر باشە بە بەراوورد بە ناوچەكانی دیكەی جیهاندا چونكە تیچونی كەمە و جگە لەوەش خەڵتەی كەمە و خواستی جیهانی زۆری لەسەرە نەوتی كەركووك لە ئێستادا لە ژێر سەرپەرشتی حكومەتی ناوەندییەوە بەرێوە دەبرێت لە لایەن كۆمپانیایی نەوتی باكوور كە لە سالی 1987 دامەزراوە.

**نەخشەی (1) شوێنی ئەسترۆنۆمی و جوگرافی هەرێمی كوردستانی عیراق**




سەرچاوە: كاری توێژەر بەدەستكارییەوە بەپشت بەستن بە:

١- هاشم یاسین حداد و سەردار عبد الرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو، ئەتلەسی هەرێمی كوردستانی عیراق، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئێ نووس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٩.


٢- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئامار، هۆبەی (GIS)، نەخشەی ناحیەكانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**خشتەی (1) دابەشبوونی کێلگە نەوتییەکانی پارێزگای کەرکووك**

| ناوی کێلگە | شوێنی جوگرافی | رووبەرکم | قولی | رێژەی بەرهەم | پەدەگ | ژمارەی بیر | سالی دۆزینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرکووك | رۆژئاوایی کەرکووك تا کوێر لە باشووری رۆژهەلاتی موسڵ | 400 | 4200 | 959000 | 10 | 150 | 1927 |
| بای حەسەن | کەرکووك | 84 | 1515 | 8650 | 4.5 | 12 | 1953 |
| جمبور | باشووری رۆژهەلاتی کەرکووك | 750 | 1470 | 3208 | 3.6 | 27 | 1954 |
| کۆرمو | باشووری رۆژئاوایی کەرکووك | 104 | 1330 | 1075 | 2.7 | 8 | 1930 |
| خوباز | باشووری رۆژئاوایی کەرکووك نێوان بای حسن و جمبور | 360 | 1430 | 2070 | 2 | 3 | 1981 |

سەرچاوە: تارق کاکە رەش بایەخی جیۆپۆلتیکی نەوتی پارێزگای کەرکووك مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی 2009 لا 27-34.

لە خشتەی ژمارە (1) و شێوەی ژمارە (1) بۆمان دەردەکەوێت کە نەوتی کەرکوك لە کێڵگەکانی کرکوك و بای حەسەن و جمبور و کۆرمو و خوباز بەرهەم دەهێنرێت ، ئەو ناوچەیە رێژەیەکی زۆر بەرهەمی هەیە و دەوڵەمەندە بە یەدەگێکی نەوتی زۆر کە برەکەی دەگاتە نزیکەی (22,8) ملیار برمیل.رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگانە جێگیر نیە و دەگۆریت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بە هۆی ئەو بارودۆخە جیاوازەی کەبەسەر عێراقدا هاتووە بۆنمونە تا ناوەراستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو نەوتی کێڵگەکانی کەرکوك لە 100% بودجەی گشتی عێراقی پێك دەهێنا ، بەڵام دواتر رێژەی بەشداری نەوتی کەرکوك ساڵ دوای ساڵ کەم بۆتەوە بە هۆی دۆزینەوە و دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی ناوچەکانی تری عێراق ، لە ساڵی 1977 رێژەی بەشداری دادەبەزێت بۆ (48,6%) بەڵام لەکاتی جەنگی نێوان (عێراق – ئێران) رێژەی بەشداری نەوتی کەرکوك بەرزدەبێتەوە بۆ (92,1%) بودجەی گشتی عێراق چونکە ناوچەکانی باشوری عێراق بوبوە گۆرەپانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو وولاتە(صادق ، 2013،ص89-90).کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای کەرکوك لە رووی جۆر و کوالێتی و رێگاکانی دەرهێنانی لێك چوون چونکە نەوتی کێلگەکانی کەرکوك بەوە دەناسرین کە جۆرەکەی باشە و دەرهێنانی ئاسانە و تێچووی ئابووری کەمە لە گواستنەوەی بۆ بازارەکانی جیهان لە رێگەی بۆریەوە.




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (1)


**2 – 2 - دابەشبوونی کێلگە نەوتیەکان لە پاریزگای سلێمانی:**

نەوت لە پارێزگای سلێمانی دابەش دەبێت بەسەر 12 دوازدە بلۆکی نەوتی کە ئێستا کاری گەران و بەدواداچوونی نەوتی بۆ دەکرێت وەك پێش بینی دەکرێت ریژەیەکی زۆر لە نەوت لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی بەدی بکرێت کە دەگاتە نزیکەی (16) ملیار بەرمیل کە لە ئێستادا کۆمپانیا جیهانیەکان گەران و بەدواداچوونی بۆ دەکەن هەروەها پاریزگای سلێمانی رووبەرەکەی دەگاتە (10125)کم2.

**خشتەی (2) دابەشبوونی کێلگە نەوتیەکان لە پارێزگای سلێمانی**

| ژ | ناوی بلۆك | ئەم شوێنانە دەگرێتەوە | رووبەر کم$^2$ | یەدەگ ملیار برمیل | بەرهەم | ناوی کۆمپانیا | پشك % | ژمارەی بیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قەرەداغ | خۆرهەڵاتی چیای سەگرمە و رۆژئاوای رووباری سیروان | 846 | 4.896 | - | 1-نیکۆرسۆرس<br>2-فاست یکسپلۆرەیشن<br>3-گراوندستار ینەرجی<br>4-کیپکۆ | 37<br>27<br>6<br>20 | - |
| 2 | بازیان | چیای سەگرمە وخۆرئاوای حەوزی بازیان وشارۆچکەی تەکیە | 473 | 1.178 | - | 1کەی.ئین.ئۆ.سی.کوری<br>2-بازیان کۆنسۆتیۆم<br>3-کیپکۆ | 43<br>35<br>20 | - |
| 3 | بەرانان | باشوری خۆرهەلاتی سلێمانی تا دەگاتە دەرباچەی دەبەندیخان | 722 | - | - | 1- تالیسمانی کەنەدی<br>2- مۆرفی<br>3- کیپکۆ | 60<br>20<br>20 | |
| 4 | میران | لە تاسلوجە دەست پێ دەکات تا سەیرانگای چەمی رێزان | 1015 | 6.456 | | 1-هیرتیج ئۆیلی کەنەدی<br>2-گەنەلئینیرجی تورکی<br>3- کیپکۆ<br>4- نادیار | 56.26<br>18.75<br>20<br>5 | |
| 5 | عەربەت | شاری سلێمانی و شاخی گۆیژە و ئەزمەر و عەربەت و هەلەبجەی تازە | 947 | 1.177 | - | 1-شاماران پترۆلیۆم<br>2- کیپکۆ<br>3- نادیار | 60<br>20<br>20 | |
| 6 | خەلەکان | خەلەکان و هەیبەت سوڵتان و بەشێك لە دەشتی کۆیە | 624 | 2.450 | - | 1-رانج ئۆیل گاز<br>2-دۆگانئینیرجی تورکی<br>3-نیوئەیجەلزارۆنی<br>4- کیپکۆ | 20<br>40<br>20<br>20 | |
| 7 | رۆژهەلاتی عەربەت | سیوەیل و برزنجە و بەشێك لە شارەزوور و قەزای پێنجوێن | 700 | - | - | 1- ئێکسۆن مۆبێل<br>2- کیپکۆ | 80<br>20 | |
| 8 | پیرەمەگرون | رۆژهەڵاتی رێگای دوکان سلێمانی و بناری چیای پیرەمەگرون تا دووکان | 730 | - | - | 1-ریسپول – اسپانی<br>2- کیپکۆ | 80<br>20 | |
| 9 | قەڵادزێ | ناوچەی قەڵادزێ و بەری مەرگە و دەرباچەی دوکان | 2000 | - | - | 1-ریسپول – اسپانی<br>2- کیپکۆ | 80<br>20 | |
| 10 | بێتواتە | شارۆچکەی حاجیاوا و بێتواتە و ناوچەی خۆشناوەتی | 650 | - | - | 1- ئێکسۆن مۆبیل<br>2- کیپکۆ | 80<br>20 | |
| 11 | شەکرۆك | لە ناحیەی خدران دەست پێ دەکات تا نزیك شوقلاوە | 418 | - | - | 1-هیس<br>2-پیترۆستیك انترناشنال<br>3- کیپکۆ | 64<br>16<br>20 | |
| 12 | هەڵەبجە | سنوری قەزای هەڵەبجەی شەهید | 1000 | - | - | 1- گازپرۆم نەفتی روسی<br>2- کیپکۆ | 80<br>20 | |


سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە راپۆرتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، ژمارە 1 ، تشرینی یەکەم 2013 ، لا5.




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (2)

( نەخشەی ٢ )

رووبەری تەرخانکراو بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە : کاری توێژەران بە پشت بەستن بە خشتەی ٢ و ٥

هەرچەندە تاوەکو ئێستا تەواوی ناوچەکانی پاریزگای سلێمانی پشکنینی ووردی بۆ نەکراوە ، بەڵام وەك سەرەتایەك ئاماژەیەکی زۆرباش هەیە کە ئەم ناوچەیە یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی نەوت لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمەش وای کردووە چەندین کۆمپانیای جیهانی گەورە لە بواری نەوت روو لەم ناوچەیە بکەن و هەوڵی بە دەستهێنانی مافی گەران و بەدواداچوون و دەرهێنانی نەوت دەکەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بۆنمونە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل کە بەگەورەترین و کاریگەرترین کۆمپانیای نەوتی جیهان دادەنریت کەوا بەشێوەیەکی چڕ بەشداری کردووە لە کەرتی نەوت لەم ناوچەیەدا وەك لە خشتەی ژمارە 2 دەردەکەویت . کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێل کۆتایی بە گرێبەستەکەی هێنا لەگەڵ حکومەتی عێراق لە پێناوی بەدەستهێنانی کارکردن لە پارێزگای سلێمانی بە هۆی باشی جۆری نەوتەکەی و ئاسان گەران و دەرهێنانی نەوتەکەیە، ئەمە سەرەڕای ئارامی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و ئەمنیەوە کە پاڵنەرێکی گرنگ بووە بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا بیانیەکان.لە تێبینی کردن لە خشتەی (2) و شێوەی (2) بۆمان دەردەکەویت کە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای نەوتی لە پارێزگای سلێمانی کاردەکەن ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ گرنگی و دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕووی نەوتەوە کە هۆکارێکی گرنگە بۆ بوژانەوە و گەشەپێدانی پارێزگاکە لە ئایندەدا چونکە لەلایەك دەبێتە هۆی زیادکردنی پشکی نەوت لەم ناوچەیە لە داهاتە نەوتیەکان لە لایەکی تریشەوە کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و جموجۆڵی ئابوری دەخاتە بازارەوە.

**2 – 3 - دابەشبوونی کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای هەولێر :**


پارێزگای هەولێر لە رۆژگاری ئەمرۆ پێگەیەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە لە هەرێمی کوردستان بۆتە خاڵی پەیوەندی لە نێوان ووڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بوونی نەوت لە پارێزگای هەولێر بەو ڕیژە زۆرە کە لە خشتەی ژمارە (3) و شێوەی ژمارە (3) خراوەتەڕوو پێگەی پارێزگای هەولێری بەهێزتر کردووە چونکە ڕووبەری تەرخانکراو بۆ گەڕان و پشکنینی نەوت لەم ناوچەیە دەگاتە نزیکەی (8346)کم[2] وە ئەو بلۆکانەی ئێستا کاری تێدا دەکرێت دەگاتە (12) بلۆکی نەوتی چونکە گەڕان و بەدواداچوونی نەوت لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر بە تایبەتی لە سەرەتادایە بەلام بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکە لە رووی یەدەگی نەوتی و هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان پیشبینی دەکرێت ژمارەی بیرەکان زیاد بێت ، ڕێژەی یەدەگی نەوت نزیکەی (7.8) ملیار بەرمیلە، زۆرینەی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن ئۆفیسی سەرەکیان لە شاری هەولێر کردۆتەوە وەك کۆمپانیاکانی ( ئیکسۆن مۆبیل و تۆتاڵی فەرەنسی و جەنەڕال ئینیرجی تورکی ... هتد) بوونی ئەو کۆمپانیا جیهانیانە لە ناوچەکە لە رووی سیاسی و ئابوریەوە پێگەی پاریزگای هەولێر و هەرێمی کوردستانی بەهێز کردووە.

**خشتەی (3) دابەشبوونی کێڵگە نەوتیەکان لە پارێزگای هەولێر**

| ژ | ناوی بلۆك | ئەم شوێنانە دەگرێتەوە | رووبەرکم$^2$ | یەدەگ ملیار برمیل | بەرهەم | ناوی کۆمپانیا | پشك % | ژمارەی بیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر – تەق تەق | قەزای کۆیە و تەق تەق دەگرێتەوە | 951 | 1.5 | 8000 | تی تی ئۆپکۆ<br>ئەداکسی سویسری<br>کیپکۆ | <br>80<br>20 | - |
| 2 | هەولێر – دەمیرداغ | دەشتی هەولێر و ڕیگای مخمور و کەلەك دەگرێتەوە | 1531 | 1 | - | رایەك ئندرستی هندی<br>ئۆ ئیم ئێن نەمساوی<br>کیپکۆ | 60<br>20<br>20 | - |
| 3 | سارتا | رۆژئاوای ناحیەی پیرمام | 706 | 1 | - | نوربیستی روسی<br>کەی ئین ئوو سی کوری<br>کیپکۆ | 65<br>15<br>20 | - |
| 4 | بلۆکی ئەربیل | باکوری رۆژئاوای هەولیر | 313 | 1 | - | دی ئێن ئۆ | 40 | - |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | و ناوچەی بەستۆڕە | | | | نەرویجی<br>گاز پلەس<br>کیپکۆ | 20<br>20 | |
| 5 | خورماڵە | باشوری خۆرئاوای هەولیر تاکو کێڵگەی نەوتی کەرکوك و ناوچەی ئاڤانە | 1450 | 2.8 | 80<br>00<br>0 | کیپکۆ | 100 | - |
| 6 | قوشتەپە | لە قوشتەپە تاکو شارۆچکەی پردێ | 1180 | - | - | کەی ئێن ئوو سی<br>کوری<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 7 | مەلا ئۆمەر | باکوری هەولێر | 285 | - | - | ئۆ ئیم ڤی<br>نەمساوی<br>کیپکۆ<br>نادیار | 75<br>20<br>5 | - |
| 8 | شۆرش | باکوری خۆرهەلاتی هەولێر تاوەکو دێگەڵە و گۆمەسپان | 526 | - | - | ئۆ ئیم ڤی<br>نەمساوی<br>کیپکۆ | 75<br>25 | - |
| 9 | هەریر | شەقلاوە و هەریر تا سۆران | 700 | - | - | ماراسۆنئۆیل<br>تۆتالی فەرەنسی<br>کیپکۆ | 45<br>35<br>20 | - |
| 1<br>0 | پیرمام | پیرمام و سەری رەش و سەبەن | 180 | - | - | ئیکسۆن مۆبێل<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 1<br>1 | بنەوێ | لە گۆمەسپان تا هیران و نازەنین | 24 | - | - | گەنەل ئینیرجی<br>تورکی<br>ئۆ ئیم ڤی<br>نەمساوی<br>کیپکۆ | 44<br>36<br>20 | - |
| 1<br>2 | سەفین | لەچیای سەفین تا هیزۆپ | 500 | - | - | ماراسۆن<br>تۆتالی فەرەنسی<br>کیپکۆ | 45<br>35<br>20 | - |


سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە راپۆرتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، ژمارە 1 ، تشرینی یەکەم 2013 ، لا 5-14.




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3)

**( نەخشەی ٣ )**

**رووبەری تەرخانکراو بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگای هەولێر**




**سەرچاوە : کاری تویژەران بە پشت بەستن بە خشتەی ٣**

**2 – 4 - دابەشبوونی کێڵگە نەوتیەکان لە پاریزگای دهۆک :**

دهۆک بە یەکێك لە پارێزگا ستراتیژیەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کە تاکە دەروازەی کوردستان بۆ ڕۆژئاوا و بەستنەوەی کوردستان بە تورکیا کە بە هاوبەشێکی گرنگی هەرێمی کوردستان دادەنرێت بەتایبەتی لە بواری وزەدا چونکە تورکیا بەشێوەیەکی گرنگ پشت دەبەستیت بەسەرچاوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆیە پارێزگای دهۆك دەبێتە وویستگەیەکی گرنگی ئابوری لە بواری ووزە بۆ هەرێمی کوردستان


**خشتەی (4) دابەشبوونی کێڵگە نەوتیەکان لە پارێزگای دهۆك**

| ژ | ناوی بلۆك | ئەم شوێنانە دەگرێتەوە | رووبەر کم² | یەدەگ ملیار برمیل | بەرهەم | ناوی کۆمپانیا | پشك % | ژمارەی بیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرسەنگ | سەرسەنگ و سوارەتوکە و باکوری رۆژهەڵاتی دهۆك | 1085 | 2 | - | پیچ کەی ئینێرجی<br>مارسۆن ئۆیل<br>کیپکۆ | 56<br>19<br>25 | 2 |
| 2 | ئەتروش | شارۆچکەی ئەتروش | 269 | 3 | 15000 | ئەسپێکت -شامار<br>مارسۆن ئۆیل<br>کیپکۆ | 64<br>16<br>20 | 2 |
| 3 | شێخان | قەزای شێخان | 283 | 10.5 | 100000 | گۆڵف کیستۆن<br>ئیم ئۆ ئیلی<br>تەکساس کیستۆنی<br>کیپکۆ | 51<br>14<br>3<br>32 | - |
| 4 | دینارتە | مێرگەسوور – بارزان – سەرووی شیلادزێ | 1139 | - | - | هیس گروپ<br>پترۆ سیلیك<br>کیپکۆ | 64<br>16<br>20 | - |
| 5 | ئاکرێ – بجێل | بجێل تا ئاکرێ | 889 | 1 | - | ئیم ئۆ ئیلی<br>گۆڵف کیستۆن<br>کیپکۆ<br>نادیار | 52<br>12<br>20<br>16 | - |
| 6 | ڕۆڤی | بەردەرەش تا خوارووی ئاکرێ | 517 | 1 | - | شیفرۆنی ئەمریکی<br>ئیم ڤی نەمساوی<br>کیپکۆ<br>نادیار | 60<br>15<br>20<br>5 | - |
| 7 | سندی – ئامیدی | ئامێدی – دەشتی سندی – باکوری زاخۆ | 2358 | - | - | نورستی روسی<br>پرینکۆ فەرەنسی<br>کیپکۆ<br>نادیار | 40<br>25<br>20<br>15 | - |
| 8 | تاوکێ | رۆژهەڵاتی قەزای زاخۆ | 594 | 1.9 | - | دی ئین ئۆی نەرویجی<br>گەنەل ئینیرجی تورکی<br>کیپکۆ | 40<br>40<br>20 | - |
| 9 | دهوك | باکور و ناوەراستی دهۆك | 600 | 2.2 | - | پترۆ کۆست | 30 | - |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | مورفی<br>کیپکۆ | 50<br>20 | |
| 10 | سیلڤانی | خواروری زاخۆ تا دەریاچەی موسڵ | 700 | - | - | پترۆ کۆست<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 11 | ئەلقوش | خواروری دهۆك | 331 | - | - | ئیکسۆن مۆبیل<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 12 | شیخ ئاوی | ڕۆژهەلاتی دهۆك و باکوری شێخان | 180 | 1.9 | - | گۆڵف کیستۆن<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 13 | بەردەرەش | قەزای بەردەرەش | 265 | 1.5 | - | ئافرین<br>کومیت گروپ<br>کیپکۆ | 60<br>20<br>20 | - |
| 14 | عین سفنی | ڕۆژهەلاتی شێخان | 840 | - | - | هنت ئۆیل مبدل ئیستی ئەمریکی<br>ئافرین<br>کیپکۆ | 60<br>20<br>20 | - |
| 15 | بەعشیقە | شارۆچکەی بعشیقە | 350 | - | - | ئیکسۆن مۆبیل<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 16 | بیربەهر | باکوری دهۆك | 350 | 1.9 | - | گەنەف ئینیرجی تورکی<br>گۆڵف کیستۆن<br>کیپکۆ | 40<br>40<br>20 | - |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە راپۆرتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، ژمارە 1 ، تشرینی یەکەم 2013 ، لا 5-14.

**شێوەی (٤)**
**دابەشبوونی کێلگە نەوتیەکان لە پاریزگای دهۆك**





سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (4)

لە خشتەی ژمارە (4) و شیوەی ژمارە (4) بۆمان دەردەکەوێت کە رووبەری تەرخانکراو بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگای دهۆك دەگاتە (10750)کم2 دابەش بوە بەسەر 16 بلۆکی سەرەکی بەمەش رێژەی یەدەگی نەوت کە تاوەکو ئێستا زانراوە دەگاتە زیاتر لە (26ملیار برمیل) ئەمەش بەبەراوورد بە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان رێژەیەکی یەکجار زۆرە بۆنمونە لە بلۆکی ئەتروش زۆرترین یەدەگی نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە کە دەگاتە نزیکەی (3 ملیار برمیل) وەهەروەها ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە پاریزگای دهۆك کاردەکەن دەگاتە نزیکەی (21) کۆمپانیا ، لە ناویشیاندا شیفرۆنی ئەمریکی و گۆڵف کیستۆنی بریتانی و ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی و دی ئێن ئۆی نەرویجی کە بەشی هەرە زۆری مافی پشکنین و گەرانی نەوت لە پارێزگای دهۆك دراوەتە ئەم کۆمپانیانە، بوونی ئەو کۆمپانیا جیهانیانە لە ناوچەکە لە رووی سیاسی و ئابوریەوە پێگەی پاریزگای دهۆکیان بەهێز کردووە.

( نەخشەی ٤ )

رووبەری تەرخانکراو بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگای دهۆک




سەرچاوە : کاری توێژەران بە پشت بەستن بە خشتەی ٤

**2 – 5 - دابەشبوونی کێڵگە نەوتیەکان لە ئیدارەی گەرمیان :**


گەرمیان ئەو ناوچە گرنگەی هەرێمی کوردستانە کە سنووری هەرێمی کوردستان دەبەستیتەوە بە ناوچەکانی پارێزگای دیالە و سەلاحەدین بەشێکی زۆری ناوچەکانی دەکەوێتە چوارچێوەی ماددەی دەستووری (140) لەرووی ووزەوە ناوچەیەکی گرنگە و بە دەولەمەترین ناوچە دادەنرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆیە گۆرەپانێکی گرنگە بۆ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە بواری ووزە وەك لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت.

**خشتەی (5) دابەشبوونی کێڵگە نەوتیەکان لە ئیداری گەرمیان**

| ژ | ناوی بلۆك | ئەمر شوێنانە دەگرێتەوە | رووبەر کم² | یەدەگ ملیار برمیل | بەرهەم | ناوی کۆمپانیا | پشك % | ژمارەی بیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چەمچەماڵ | لە زێی بچوك تاسەر رووباری باسەرە و شاری چەمچەماڵ | 1169 | 3 تریلیۆن غازی سروشتی | - | داناغاز<br>کرسنت ئۆیل<br>کیپکۆ | 40<br>40<br>20 | 2 |
| 2 | کۆرمۆر | قادر کەرەم | 510 | 2تریلیۆن غازی سروشتی | - | داناغاز<br>کرسنت ئۆیل<br>ئۆ ئیم ڤی نەمساوی<br>ئیم ئۆ ئیلی هەنگاری | 40<br>40<br>10<br>10 | 10 |
| 3 | کێو چەرمۆ | ئاغجەلەر | 746 | 1 | - | تی تی ئۆپکۆ<br>گەنەل ئینیرجیتورکی<br>کیپکۆ | 36<br>44<br>20 | - |
| 4 | باکوری سەنگاو | شارۆچکەی سەنگاو | 492 | 6,163 | - | سنتەر لینگ ئینەرجی ئەمریکی<br>داکس کەنەدی<br>کەی ئین ئۆ سی کۆری + کیپکۆ | 40<br>40<br>20 | - |
| 5 | باشوری سەنگاو | سەنتەری ناحیەی سەنگاو و دەوروبەری | 846 | 2 ملیار 1تریلیۆن غازی سروشتی | - | کەی ئین ئۆ سی کۆری<br>کیپکۆ<br>نادیار | 60<br>20<br>20 | - |
| 6 | تۆپخانە | رۆژهەڵاتی قادر کەرەم | 945 | 4 | - | تالیسمان ئینەرجی کەنەدی<br>کیپکۆ<br>نادیار | 60<br>20<br>20 | - |
| 7 | تازە | شارۆچکەی نەوچۆڵ خۆرئاوای قادر کەرەم | 700 | 3 | - | ئۆیڵ سێرچی ئوستراڵی<br>کیپکۆ | 60<br>20 | - |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | تۆتاڵی فەرەنسی | 20 | |
| 8 | قەرەهەنجیر | دەکەوێتە نێوان قەرەهەنجیر و ناوچەی شوان | 1200 | 10-5 | - | ئیکسۆن مۆبیل<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 9 | شاکەل | خوارووی قەزای کفری و ناحیەی رزگاری | 632 | 2 | - | گازپۆرمی روسی<br>کیپکۆ | 80<br>20 | - |
| 10 | پەلکانە | قەزای دووزخورماتوو و ناحیەی جەبارە | 529 | 1,58 | - | شارمان پترۆلیۆم<br>پیت ئۆیل<br>کیپکۆ | 60<br>20<br>20 | - |
| 11 | کۆدەمیر | خوارووی سەنگاو تا سەر رووباری سیروان | 620 | 5,129 | - | ویسترۆن<br>زاگرۆسیکەنەدی<br>تالیسمان ئینەرجی کەنەدی<br>کیپکۆ | 40<br>40<br>20 | - |
| 12 | کەلار باوەنور | باوەنور – سەرقەڵا – شێخ نوویل | 2120 | 4 | - | گازپرۆمی روسی<br>ویسترۆن زاگرۆسی کەنەدی<br>تالیسمان ئینەرجی کەنەدی | 40<br>40<br>20 | - |
| 13 | چیا سۆرغ | رۆژهەڵاتی رووباری سیروان تا سنوری ئێران | 938 | 5,656 | - | گەنەل ئینێرجی تورکی<br>لۆنگستۆرد ئینەرجی<br>پیت ئۆیل | 60<br>20<br>20 | - |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە راپۆرتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، ژمارە 1 ، تشرینی یەکەم 2013 ، لا 5-14.



سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (5)

گەرمیان بەناوچەیەکی فراوان و بە پیت دادەنرێت کە بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی رابردوو تووشی دەیان کارەساتی جۆراوجۆر بۆتەوە تاوەکو ئێستاش سیمایی وێرانی و کارەساتی پێوە دیارە. بەلام سەرەرایی ئەم هەموو کارەساتە دانیشتوانەکەی بە خۆراگری ماونەتەوە و پارێزگاریان لە بوون و ناسنامەی خۆیان کردووە. پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی 2003 ئەم ناوچەیە بۆتە وێسگەیەکی

گرنگی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان و جێگای چاو تێبرین و بە گرنگ سەیرکردنی وولاتانی جیهانە. ئێستا گەرمیان ئەو ناوچەیە کەوا کۆمپانیا گەورەکانی جیهان کێبرکی دەکەن لەسەری چونکە وەك لە خشتەی ژمارە (5) و شێوەی ژمارە(5) تێبینی دەکرێت کە ئێستا گەران و پشکنین بۆ (12) بلۆکی نەوتی دەکرێت رووبەری تەرخان کراو بۆ گەران و پشکنین دەگاتە 11474 کم2 بەگوێرەی پێشبینی کۆمپانیاکانی نەوتی یەدەگی ئەم ناوچەیە دەگاتە زیاتر 44 ملیار برمیل کە ئەوە رێژەیەکی یەکجار زۆرە بە بەراوورد بە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەر ئەمەش کاریگەری راستەوخۆ هەبووە لەسەر زیاتر کردنی کێبرکی لەنێوان کۆمپانیاکان. وەك لە خشتەکە دەردەکەوێت گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوتی لە جیهان خەریکی گەڕانن بە دوای نەوت لەو ناوچانە بۆنمونە کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبێل لە بلۆکی قەرەهەنجیر مافی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی وەرگرتوە یەدەگی ئەو بلۆکە دەگاتە (5-10 ) ملیار برمیل وە پشکی لە (80%) بۆ ئەم کۆمپانیایەیە. ئەوەی گرنگی گەرمیانی زیاد کردوە بوونی رێژەیەکی یەکجار زۆری غازی سروشتیە کە زیاتر لە 6 تریلیۆن پێ سێجا دەخەملێنرێت کە ئەمەش لە ئێستادا رۆلیکی گرنگی بینیوە لە دابین کردنی ووزە بۆ وێستگەکانی کارەبا و دابینکردنی غازی ماڵان.

**3 - بەرەو پێشچوونی رێژەی بەرهەمی نەوت و کاریگەری لەسەر ئابووری هەرێم**

**3 – 1 - دابەشبونی جوگرافی بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان**


رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان جیاوازە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە وەك لە خشتەی ژمارە(6) و شێوەی ژمارە (6) بۆمان دەردەکەوێت کە بەشی هەرە زۆری بەرهەمی دەکەوێتە ناوچەی خورمەڵە لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی 2017 بڕەکەی گەیشتە 183635708 برمیل کە دەکاتە 36.9% نەوتی هەناردەکراوی هەرێم دەگرێتەوە ئەمەش لە رووی جیۆپۆلەتیکی گرنگی خۆی هەیە چونکە ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نزیك گەورەترین ناوچەی کۆبونەوەی دانیشتوان کە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، کێڵگەی تاوکێ لە پارێزگای دهۆك رێژەی بەشداری لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەگاتە (28.9%) بە بری 141156913 برمیل، ئەم کێڵگە نەوتیە تێچووی گواستنەوەی کەمترە بە بەراوورد بە کێڵگەکانی تر چونکە نزیکە لە سنووری تورکیا. ناوچەی تەق تەق بە پلەی سێ یەم دێت لە رووی بەرهەمی نەوتی هەناردەکراو کە بڕەکەی دەگاتە 136886222برمیل دەکاتە رێژەی (27.05%) لە کۆی گشتی بەرهەمی نەوتی هەناردەکراو. لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دابەشبوونی بەرهەمی نەوتی هەرێم بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دابەش بووە ئەمەش بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت لە رووی جوگرافیای سیاسی و نەوت لە هەرێمی کوردستان.

**خشتەی (6) دابەشبوونی جوگرافی بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2017**

| ژ | ناوچەی بەرهەمێنان | بڕی بەرهەم | رێژەی بەرهەم |
|---|---|---|---|
| | خاڵخالان | 132026 | 0.027 |
| 2 | ئاکرێ بجێل | 1355908 | 0.28 |
| 3 | سەرسەنگ | 1847332 | 0.37 |
| 4 | گەرمیان | 11388246 | 2.33 |
| 5 | هەولێر | 1853729 | 0.37 |
| 6 | تەق تەق | 136886222 | 27.05 |
| 7 | تاوکێ | 141156913 | 28.9 |
| 8 | خورمەلە | 183630708 | 37.6 |
| 9 | شێخان | 18956927 | 3.6 |
| کۆی گشتی بەرهەم | | 497208011 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە راپۆرتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، ژمارە 1 ، تشرینی یەکەم 2013 ، لا 5-14.

**شێوەی (6) دابەشبوونی جوگرافی بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2017**




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (6)

**3 – 2 - گەشەکردنی بەرهەمێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان بە یەکێك لەناوچە گرنگەکانی جیهان دادەنرێت لە رووی بەرهەمێنانی نەوت رۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم زیاد دەکات و چاوەروان دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات کە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابورییەوە.


**خشتەی (7) زیادبوونی رێژەی بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان لە (2003 – 2015)**

| ژ | ساڵ | رێژەی بەرهەمر / برمیل نەوت |
|---|---|---|
| 1 | 2003 | 395945 |
| 2 | 2004 | 160599 |
| 3 | 2005 | 367738 |
| 4 | 2006 | 506269 |
| 5 | 2007 | 1524211 |
| 6 | 2008 | 3117172 |
| 7 | 2009 | 15689046 |
| 8 | 2010 | 27483775 |
| 9 | 2011 | 68449186 |
| 10 | 2012 | 71958423 |

| | | |
|---|---|---|
| 11 | 2013 | 185958423 |
| 12 | 2014 | 186084579 |
| 13 | 2015 | 212948833 |
| 14 | 2016 | 112363204 |
| 15 | 2017 | 183440306 |
| 16 | 2018 | 283161480 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، هۆبەی ئامار، کانونی یەکەم 2018.

لە خشتەی ژمارە (7) و شێوەی ژمارە (7) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە بۆنمونە لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی 2003 ڕێژەی بەرهەمی 395945 برمیل نەوت بووە کە ئەم ڕێژە کەمە تەنها بۆ پێداویستیەکانی ناوخۆ بەکارهاتووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە لە ساڵی 2007 بڕەکەی لە 1.5 ملیۆن تێپەری کردووە ، چونکە حکومەتی هەرێم لەو ساڵەدا چەندین گرێبەستی نەوتی ئەنجامدا بۆیە کۆمپانیا جیهانیەکان لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەستیان کرد بە پرۆسەی گەڕان و بەدواداچونی نەوت لەو ساڵەدا نرخی نەوت زیاتربوو لە 130$ بۆ هەربەرمیلێك ئەمەش کێبرکێ نێوان کۆمپانیا جیهانیەکانی زیاترکردبوو،ئەمەش وایکرد بەرهەمی نەوت لە ساڵی 2008 تا 2015 لە 3117172 برمیل بەرزبێتەوە بۆ 212948833 برمیل ، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهانی ووزە.




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (7)

هەرچەندە لەسەرەتای سالی 2014 نرخی نەوت لەبازاری جیهانی ووزەدا رووی لە دابەزین کرد بەڵام ئەمە کار لە گرنگی پێگەی نەوتی هەرێم ناکات و نرخی نەوت بەردەوام لە هەڵبەز و دابەزین دایە ، تاکو ئێستا نەوت بە ووزەی یەکەم دادەنرێت لە جیهانداهیچ سەرچاوەیەکی تری ووزە جێگای نەگرتۆتەوە.بەڵام لە ساڵی 2016 بە هۆی ئەو گۆرانکاریە سیاسیەی کە لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، دەست بەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بووە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستان بەڵام دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەرهەمی کێڵگە نەوتیەکانی زیادکرد وەك لە خشتەی (7) دەردەکەوێت بری بەرهەم گەیشتە (283161480) برمیل نەوت . هەروەها بەرزبونەوەی

نرخی نەوت گرنگی نەوتی هەرێم جارێکی دیکە زیادکردەوە بە هۆی ئەوەی کۆمپانیا نەوتیە جیهانیەکان روویان لە هەرێمی کوردستان کردەوە کە بەشێکیان بە هۆی دەرکەوتنی رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە ناچاری ناوچەکەیان جێهێشتبوو لەگەڵ ئەوەشدا رێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق خاڵێکی تری بە هێزی گرنگی هەریمی کوردستان بوو.

**3 – 3 - کاریگەری کەرتی نەوت لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار و کەمکردنەوەی بیکاری لە هەرێمی کوردستان**

سەبارەت بە دەستی کار لە کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا سەرەرای کەمی شارەزایی کرێکاری ناوەخۆ بەهۆی نوێی پیشەسازی نەوت بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گرێبەستەکانی نەوت جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبیت بەشی هەرە زۆری کریکارانی بواری نەوت دەبیت هاوڵاتیانی هەریمی کوردستان بن بۆ ئەوەی بتوانریت هەلی کار بۆ گەنجانی کوردستان بدۆزنەوە بە تایبەتی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی کە نەوتی تیدا بەرهەم دەهێنریت بۆنمونە لە خشتەی (8) بۆمان دەردەکەویت کە لە 10 کۆمپانیا سەرەکیەکانی کە لەهەرێم کاردەکەن رێژەی کریکارانی ناوەخۆ لە کۆی (2673) کریکار نزیکەی (1862) کرێکاری ناوەخۆی کوردستان کە ریژەکەی دەگاتە (70%) لەهەندیك کۆمپانیا دەگاتە (93%) لە گشت کۆمپانیاکانی دیکەش رێژەکەی زۆربەی هاوڵاتیانی کوردستانن بەڵام بەهۆی کەمی شارەزایی بەشێك لە ئەندازیاران کرێکاری بیانین بەڵام دەکریت لەساڵانی داهاتوو بەهۆی زیادبوونی کریکارانی کورد بەشی هەرە زۆری کرێکاران ببن بە کورد و دەرفەتی کار بۆ گەنجانی کورد زیاد بکرێت.

**خشتەی (8) رێژەی کرێکارانی ناوخۆ و بیانی لە 10 گەورەترین کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | ناوی کۆمپانیا | کرێکاری بیانی | ریژەی کرێکاری بیانی % | کرێکاری ناوەخۆ | رێژەی کریکاری ناوەخۆ % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Western zagros | 24 | 8 | 276 | 92 | 300 |
| 2 | Gulf kyston oil | 75 | 21 | 281 | 79 | 356 |
| 3 | Search | 25 | 24 | 81 | 76 | 106 |
| 4 | Dna | 123 | 24 | 396 | 76 | 519 |
| 5 | Ttopco | 136 | 25 | 414 | 75 | 550 |
| 6 | Oryx | 31 | 25 | 93 | 75 | 124 |
| 7 | HKN | 55 | 34 | 109 | 66 | 164 |
| 8 | TAQA | 99 | 41 | 142 | 59 | 241 |
| 9 | CHEVERON | 109 | 68 | 52 | 32 | 161 |
| 10 | GAZ PROM | 134 | 88 | 18 | 12 | 152 |
| | کۆی گشتی | 811 | 30,3 | 1862 | 69,7 | 2673 |

Kurdistan regional government oil production, export and consumption report, 2017, pp10


**3 –4- رۆڵی نەوت لە کەرتی ئابوری هەرێمی کوردستان**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ریگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و بەپشت بەستن بە دەستوری عێراقی و ماددەی 112 و لە برگەی 2 کە دەڵین حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەریمەکان و پارێزگاکان بە هاوبەشی وێنەی سیاسەتی ستراتیژی پیویست بۆ بەرەوپێشبردنی بواری نەوت و غاز دەکێشن ، وە لەماددەی 115 کە ئاماژە بەوەدەکات (لەکاتی دروست بونی کێشە لە نیوان حکومەتی فیدرال و حکومەتی هەریمەکان ئەوە پێشێنە بۆ یاسای هەرێم و پارێزگاکان). هەوڵی داوە رۆژ لە دوای رۆژ کەرتی نەوت بەرەوپێش ببات ئەمەش بۆتە هۆکاریکی کاریگەر بۆئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی پێ ببەستێت لە رووی داراییەوە ، هەروەها خاڵیکی بەهیز بیت بە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر هەڕەشەکانی حکومەتی ناوەندی ، زیادبوونی بەردەوامی داهاتی نەوت کاریگەری زۆر زیاد کردووە بۆنمونە نەوتی هەریم لە نیوان ساڵانی (2007 -2012) بریتی بوە (9.714.331.861)دۆلار بەڵام ئەم رێژەیە لەساڵی 2013 بەتەنها بریتیە لە (2.199.679.907) دۆلار ، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە لە داهاتوویەکی نزیك داهاتی نەوت زۆر زیاد دەکات و دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بوژانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەلایەك و بەهێزبوونی لایەنی سیاسی هەریمی کوردستان لە لایەکی دیکە

**خشتەی (9) دابەشکردنی داهاتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018**

| ژ | ناوی وەزارەت | بڕی پارەی تەرخانکراو بە دۆلار |
|---|---|---|
| 1 | تەندروستی | 176112165 |
| 2 | خوێندنی باڵأ | 871241771 |
| 3 | ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن | 653082422 |
| 4 | ناوخۆ | 122426600 |
| 5 | داد | 117862405 |
| 6 | شەهیدان و ئەنفالکراوان | 813029101 |
| 7 | گەشت و گوزار | 16519540 |
| 8 | ئەنجومەنی وەزیران | 122963416 |
| 9 | پەروەردە | 165087973 |
| 10 | کارەبا | 230000000 |
| 11 | دارایی | 8196123000 |
| 12 | تەندروستی | 111347000 |
| 13 | پاریزگاکان | 32790558857 |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، هۆبەی دارایی ، 2018.




سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (9)

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (9) و شێوەی ژمارە (9) بکەین دەبینین داهاتی هەرێمی کوردستان سەرەرای ئەو هەموو گرفتەی بۆی دروستکراوە لەلایەن حکومەتی ناوەند . زیاتر لە 2.2 ملیار دۆلار بووە لە ساڵی 2018 ، ئەم داهاتەش دابەشکراوە بەسەر کەرتە جیاوازەکان کە راستەوخۆ کاردەکاتە سەر باشکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ، لە خشتەی (9) بۆمان دەردەکەوێت کە پشکی پەرەپێدانی پارێزگاکان (3.2) ملیار دۆلار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی دانیشتوان هەیە، دوای ئەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا دیت کە بری 8.7 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە چونکە دەکرێت داهاتی نەوت تەرخان بکریت بۆ خزمەتی پێشکەوتنیووڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە هەریمی کوردستان, وە داهاتی نەوت بە شێوەیەکی گونجاو دابەشکراوە بەسەر سەرجەم کەرتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**3ـ 5 رۆلی نەوت لە گەشەپیدانی کەرتی کشتوکال :**

کوردستان بەهەرێمێکی کشتوکاڵی دادەنرێت، بەڵام بەهۆی شەڕ و سیاسەتی وێرانکاری ڕژێمەکانی عێراق و وشکە ساڵیەوە ئەم کەرتە ڕوو بەڕووی قەیرانێکی گەورە بووەوە، حکومەتی هەرێم لە ڕێگای پلانێکی ستراتیژییەوە هەنگاوی ناوە بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرەو پێشچوونی ئەم کەرتە، ئەمەش لەسەر بنەمای هەبووی 1.5 ملیۆن هیکتاری زەوی ئاودێرکراو بە ئاو و باران و ژمارەیەکی زۆر هەمەڕەنگی ئاژەڵ و هەمە جۆری ئاو هەوا، کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ بە فرەیی کردنی بەرهەمەکانی سەوزە و میوە و ئاژەڵ.

ئەگەر تەماشای خشتەی ژمارە (10) بکەین ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کەرتی کشتوکاڵی لە ماوەی ڕابردوو گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ جێ بە جێکردنی دەیان پرۆژەی کشتوکاڵی ئاودیری لە هەرێم وە پیدانی خانووی پلاستیکی و دابەشکردنی تۆ و پیداویستی تری کشتوکاڵی، تەنها لە ساڵی (2012) بڕی (7430012) دۆلار بۆ پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵی خەرجکراوە بەڵام لە ساڵی (2017) ژمارەی پرۆژەکان گیشتۆتە (565) پرۆژە و بە بری (11,010,455) دۆلار

**خشتەی ژمار(10) ژمارەی پڕۆژە و گوژمەی پرۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ**

| ساڵ | ژمارەی پرۆژە | گوژمە (دۆلار) |
|---|---|---|
| 2004 | 166 | 7430012 |
| 2012 | 226 | 7,174,166 |
| 2017 | 565 | 11,010,455 |

-ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەشی پلاندانان، ڕاپۆرتی ساڵانەی 2004 و 2012, 2018

لەم خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە سال لە دوای سال ژمارەی پرۆژەکانی کشتوکالی و بڕی پارەی تەرخان کراو بۆ پرۆژەکان لە زیاد بوونە لە ساڵی 2004 تەنها(166) پرۆژەی کشتوکاڵی بە هەموو جۆرییەکانەوە هەبووە،بەلام لە 2012 ڕێژەی پرۆژەکان بۆ 226 پرۆژە بەرزبۆتەوە،وە لە ساڵی 2017 ژمارەی پرۆژەکان گەیشتۆتە 565 پرۆژە وە بری سەرمایی کە لەم پرۆژانە (11,010,455 ) دۆلار کە بێگومان ئەمەش بۆ سیاسەتی حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵی دەگەڕیتەوە کە پلانێکی تکمە و یاساو رێسای پێشکەوتوویانەی گرترە بەر بۆ پیشکەوتنی کەرتەکە بەڵام لەگەڵ ئەم پیشکەوتنانەش لە ماوەیەکی کورتدا،تا ئیستا نەگەیشتۆتە ئاستیك کە هەریم بتوانێ ئاسایشی خۆراك لە ناوخۆ دابین بکات کە ئەمە ئامانجیکی گەورەی حکومەتی هەرێمە، بۆ گەیشتن بەم ئەنجامەش دەبیت ژێرخانی کشتوکاڵی و رێکخستنی تۆڕەکانی ئاودیری بەرەو پیش ببریت ژونکە ئەم دوو فاتەرە دوو هۆکاری زۆر گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی،وە هەروەها دەبیت برێکی زیاتر لە داهاتی نەوتی حکومەت بۆ ئەم کەرتە ترخان بکرێت و هانی جوتیاران بدریت بە پیدانی خانووی پلاستیك و تۆو و پەن و ئامیری پێشکەوتوو، جگە لەمانە دابینکردنی بازاڕیکی گەورە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکالییەکان.

**6-3 کاریگەری نەوت لەسەر کەرتی پیشەسازی:**

نەوت یەکێکە لەو سامانە سروشتییانەی بایەخێکی ستراتیجی گرنگی هەیە لە ژیانی گەلاندا نەوت لە خاکی هەر وڵاتیك هەبێت، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ ئاستی ژیانی ئەم وڵاتە بەرەو پیش ببات و رۆلیکی گرنگ ببیني لە پیشخستنی وولاتدا چونکە ئەم سامانە دەتوانریت بە گرنگترین کەرەستەی پیشەسازی دابنرین،هەریمی کوردستان بۆتە ناوەندیکی گرنگی بەرە پیش چوونی ئابووری لە ناوچەکە، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر راکیشانی سەرمایەی بیانی بۆ ناو هەرێم و بەگەڕخستنی لە کەرتە جیاجیاکانی ئابووری، کەرتی پیشەسازی لەکەم چەند سالەی دواییدا پیشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە.

**خشتەی ژمارە (11) کۆی خەرجی بەکاربردن و وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی(مليون دۆلار)**

| ساڵ | خەرجی بەکاربردن | خەرجی وەبەرهێنان |
|---|---|---|
| 2008 | 40.71 | 18.750 |
| 2012 | 74.719 | 41.043 |
| 2014 | 167.32 | 210,32 |
| 2017 | 231.43 | 435.112 |

* وەزارەتی دارایی و ئابوری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە. 2012 و ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی پێشەسازی وزە 2018

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خەرجی بەکاربردن بۆ کەرتی پیشەسازی و بازرگانی زیادیکردووە بە ڕێژەی بەرچاو زیادیکردووە بۆ نمونە لە سالی 2008 خەرجی وەبەرهێنان تەنها ( 18.750 ) ملیۆن دۆلار بووە بەڵام لە ساڵی 2017 زیادی کردووە بۆ 435.112 ملیۆن دۆلار.

**خشتەی ژمارە (12) ژمارەی پرۆژە پیشەسازییەکان لە سالی 2005 تا 2013 لە هەریمی کودرستانی عیراق**

| سالَ | ذمارةى ثرؤذةى ثيشةسازي | وةبةرهيَنان بة مليؤن دينار | هةلىَ كار |
|---|---|---|---|
| 2005 | 1333 | 443588 | 9301 |
| 2006 | 1566 | 58373 | 7323 |
| 2007 | 1795 | 598771 | 12986 |
| 2008 | 1966 | 771076 | 15635 |
| 2009 | 2252 | 764605 | 16085 |
| 2010 | 2381 | 789636 | 16879 |
| 2011 | 2531 | 894374 | 19092 |
| 2012 | 2789 | 954.986 | 22601 |
| 2013 | 2921 | 1034835 | 23955 |
| 2014 | 3011 | 1143241 | 27654 |
| 2015 | 3454 | 1854768 | 34525 |
| 2016 | 3565 | 2123456 | 38545 |
| 2017 | 3987 | 2567867 | 45675 |

* وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بەشی ئامار،2018

لەم خشتەیەی سەروە بۆمان روون دەبێتەوە کە لە سالی 2005 ژمارەی پرۆژەکان و وەبەرهێنان و هەلی کار کەم بووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان تازە لە دەستی ڕژێمی بەعس ڕزگاری بوو ئابووری بەم شێوەیە نەبوو، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی پرۆژەکان و وەبەرهێنان و هەلی کار زیادی کردووە ، بە جۆرێك لەساڵی 2018 ژمارەی پرۆژەکان گەیشتۆتە نزیکەی ( 3987 ) پرۆژەو و وەبەرهێنان ئەمەش بەهۆی گەشەی بەرفراوان لە کەرتی پیشەسازیدا هەروەها جگە لە نەوت و گاز خاوەنی چەندین کانزای ترن وەك ( ئاسن/ مس، نیکل، کرۆم، گەچ، بەردی مەڕمەڕ، مەنگەنیز) کە ئەمەش ئاماژەبە بەوەی کە هەرێم خاوەنی سامانێکی سروشتی زۆرە کە دەستیان لێ نەدراوە، ئەم پێشکەوتنە بەرچاوە لە بواری پیشەسازی کە هەرێم دەدەستی هێناوە ، کاریگەری خستۆتە سەر لایەنی سیاسي بە جۆرێك توانیویەتی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە گشتی و دەوڵەتانی دراوسێ بە تایبەتی دروست بکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ ناوەوەی هەرێم بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی پیشەسازی و کاری وەبەرهێنان،بەتایبەتي لە بواري نەوت و زیاد کردني ریژەي هەنادەکردنی کە ئەمە راستەوخۆ کاریگەري دەکاتە سەر زیاد کردني بری داهات ئەمەش کاریگەری باشی دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەی هەرێمی کوردستان و زیادبوونی هەلی کار، جگە لەمانە بەردەوام بوونی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ وولاتی تر وا دەکات کە ئەگەر هەرێم بەرەو دەوڵەتی کوردی هەنگاو بنێت ئەوا ئەم وولاتانە پشتگیری لێ بکات ئەمەش بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لە هەرێمی کوردستان.

**3ـ7ـ کاریگەری نەوت لەسەر کەرتی گەشتیاری:**

هەرێمی کوردستان سەدان شوێنی شیاوی گەشتیاری تێدا هەڵکەوتووە وەك ( تاڤگە و ڕووبار و چیا و دۆڵ و کانیاو دارستان و ئەشکەوت و شوێنەوار و مەزارگە و ڕەز و باغ )بە جۆریك بە خۆشترین ناوچەی عێراق دادەنرێت، ئاو هەوایەك گونجاوی هەیە و هەر چوار وەرزی ساڵی تیدا بەدی دەکرێت دەیان سەیراگاو بەست و بەنداو و شوێنی مێژوویی تیدایە، سەبارەت بە کەرتی گەشتو گوزار لە سەرەتاو بەر لە ساڵی ( 2003 ) لەو پەری دواکەوتوویی دا بوو بەهۆی کاول کردن و وێران کردن گوندەکان و ڕەز و باغاتەکان و ناوچە گەشتیارییەکان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بەڵام لە سالی 2007 دواي دۆزینەوەي نەوت و ناردنە دەرەوەي زۆر بووني داهاتی گشتي و دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان بە ڕووێکی نوێوە و دۆزینەوەی دەیان کێلگەی نەوتی و بەرە و پیش چوونی کەرتی نەوت و غاز لە هەرێم بووە هۆی ئەوەی کە کەرتی گەشت و گوزاریش بەرەو پیش بچێت. بە جۆرێك ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی گەشتیاران ڕوو لە زیاد بوون دەکەن.

**خشتەی ژمارە (13) ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە نیوان ساڵانی(2007-2018)**

| ساڵ | ژمارەی گەشتیار |
|---|---|
| 2007 | 377397 |
| 2012 | 2216993 |
| 2014 | 1021234 |
| 2016 | 1898564 |
| 2017 | 2765409 |
| 2018 | 3508710 |

* دەستەی گەشت و گوزاری هەرێم، هۆبەی پڵاندانان 2018

ئەگەر تەماشای ئەم خشتەیەی سەرەوە بکەین دەبینین لە ساڵی 2007 ژمارەی گەشتیاران (377) هەزار کەس بووە، بەڵام ئەم ڕێژە زۆر زیادی کردووە لەماوەی (11) ساڵ گەیشتۆتە (3,508,710) گەیشتیار، دیارە ئەم زیادبوونەش لە لایەك بۆ ئەم بۆ ئەم ئاسایش و سەقامگیریە دەگەڕێتەوە کە هەرێم هەیەتی بە جۆرێك هەرێمی کوردستان ئێستا یەکێکە لە ئارامترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لە لایەکی تر بۆ پلانەکانی وەزارەتی گەشت و گوزار دەگەڕێتەوە کە زۆر گرنگی بەناوچە گەشت و گوزارییەکان دەدات و شوینە کلتور و مێژوویەکان دەپارێزێت بەمەبەستی بەرەو پێش چوونی کەرتی گەشت و گوزار ئەمە جگە لە جێ بەجێ کردنی دەیان پرۆژەی گەشتیاری، وەك دروستکردنی هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری و ڕیستورانت و کافتریا. بوونی نەوت هۆکاری کاریگەر بووە بۆ زیادبوونی پرۆژە گەشتیارییەکان بەهۆی هاتن ناوەوەی داهاتێکی زۆر نەوت.

**خشتەی ژمارە(14) ئاماری بنکە گەشتەوەرییەکانی هەرێمی کودرستان**

| بنکەی گەشتیاری | 2007 | 2010 | 2014 | 2016 | 2017 | 2018 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆتێل | 106 | 116 | 131 | 168 | 222 | 392 |
| مۆتێل | 49 | 53 | 72 | 96 | 158 | 257 |
| گوندی گەشتیاری | 29 | 33 | 37 | 42 | 64 | 88 |
| ڕیستورانت و کافتریا | 129 | 151 | 233 | 305 | 388 | 557 |
| کۆی گشتی | 313 | 353 | 473 | 611 | 832 | 1294 |

* دەستەی گەشت و گوزاری هەرێم، هۆبەی پلاندانان

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە گشت پرۆژە گەشتیارییەکان لە ساڵی(2007 )(313) پرۆژە بووە، بەڵام لەساڵی( 2018) گەیشتۆتە (1294)پرۆژە، بەمەش پرۆژەکان بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر زیادیان کردووە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی گەشتیاران دەگەڕێتەوە دیارە زۆربوونی پرۆژەی گەشتیاری و ژمارەی گەشتیاران هەروەك لە خشتەی ژمارە (14 – 15) دەبینرێخۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی

ڕوونە لە پێشکەوتنی کەرتی گەشت و گوزار، جگە لەمانە لە ساڵی( 2011 )لە لایەن گۆڤاری ناشناڵ جیوگرافیکەوە هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە (20) شوێنە گەشتیارییەکان دارنا لە جیهان، هەروەها ساڵی( 2014 )شاری هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاری دانرا، بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەرزبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵان ڕابردوو ئەمەش کاریگەری باشی دەبێت لەسەر کەرتی ئابووری و داهاتی تاك بەرزدەبیتەوە ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لە ناوچە گەشتیارەکان کار دەکەن و بژێوی ژیانیان لەسەر ئەم کارەیە.

**8-3کاریگەری نەوت لەسەر کەرتی پەروەردە:**

کەرتی پەروەردە بە یەکێك لەو کەرتانە دادەنرێت کە حکومەتی هەرێم لە ڕێزبەندی پیشەوەی کار و چالاکیەکان دایناوە، ئەمەش لە ڕوانگەی پەرپێدانی سەرمایەی مرۆیی و پیگەیاندنی نەوەی نوێ، ئەم کەرتەش ساڵ لە دوای ساڵ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، تەنها لە ساڵی( 2008 بۆ 2012 )خەرجی بەکاربردن بە ڕێژەی( 135% )زیادیکردووە و لەبەرامبەریشدا خەرجی وەبەرهێنان بە ڕێژەی( 253% )زیادیکردووە، هۆکاری ئەم زیادبونەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئەو خوێندنگە و قوتابخانەی کە ساڵانە لە هەرێم دروست دەکرێن،( 10 )ساڵ بهر لە ئێستا لەیەك قوتابخانە( 3 ) دەوام دەکرا بەڵام ئیستا کار بۆ ئەوە دەکرێت کە( 2 )دەوامیش نەمێنێت جاران( 60 )خوێندکار لەپۆلیك دەیانخوێند، بەڵام ئێستا( 35 )قوتابی لەپۆلێك دەخوێنێ.

**خشتەی ژمارە(15) ژمارەی مامۆستایان و خوێندنگا و خوێندکاران بۆ گشت قۆناغەکانی خویندن لە ماوەی ساڵی 2002 – 2015**

| | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی خوێندگا | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| 2003 - 2002 | 40587 | 2268 | 780151 |
| 2004 - 2003 | 44965 | 2297 | 843197 |
| 2005 - 2004 | 5984 | 2413 | 1090058 |
| 2006 - 2005 | 62559 | 2546 | 1144773 |
| 2007 - 2006 | 73428 | 3543 | 1194131 |
| 2008 - 2007 | 81240 | 4385 | 1238864 |
| 2009 - 2008 | 83304 | 3608 | 1400328 |
| 2010 - 2009 | 88951 | 3896 | 1396129 |
| 2011 - 2010 | 95599 | 4153 | 1463874 |
| 2013ـ2012 | 10434 | 4934 | 164323 |
| 2015ـ2014 | 11323 | 5012 | 16787 |

* وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەشی ئامار 2015.

ئەگەر تەماشای خشتەی سەرەوە بکەین، دەبینین لە ماوەی(10 )ساڵ و لە نێوان ساڵانی( 2002-2012 )ژمارەی مامۆستایان لە ( 40587 ) دیادیکردووە بۆ( 11323 )مامۆستا لە ساڵی( 2015 )بەڵام دوای ئەم بەروارە بە هۆی خراپی بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان نەبوونی دامەزراندن ژمارەی مامۆستایان وەك خۆی ماوەتەوە بەڵکو بەهۆی خانەنشین بوونی ژمارەیەك لە مامۆستایان ڕێژەکە کەم دەکات لە بەرامبەر ئەوەدا ژمارەی قوتابیان زۆر زیادی کردووە وەك لە خشتەی سەرەوە بە دەردەکەوێت کەرتی پەروەردە بە گرنگترین کەرت دادەنرێت لە گشت ووڵاتان، چونکە نەوەی داهاتوو لەم کەرتە پەروەردە دەکرێت، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم زۆرترین ڕێژەی بودجەی تەرخان بکات تاکو بتوانرێت ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان دادەمەزرێت و دەیان

قوتابخانە و خوێندنگای نوێ دروست بکرێت گشت پێداویستی و کەل و پەلی خوێندن دابین بکرێت. وە دەبێت ڕێژەیەکی باش لە داهاتی نەوت بۆ ئەم کەرتە گرنگە دابین بکریت.

**دەرئەنجام :**

1- نەوت کاڵایەکی ئابوری و سیاسی گرنگە و هۆکاری گۆرانکاری گەورەیە لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان

2- دەرکەوتنی نەوت لە هەریمی کوردستان لە دەرئەنجامی هەموو ئەم مەرجە جیۆلۆجیانەیە کە ڕەخساوە بۆ دروست بوونی نەوت لە ناوچەکەدا.

3- ئەوەی تێبینی دەکرێت لە دابەشبونی جوگرافی کیڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان نەوت لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بونیان هەیە

4- دەربارەی بڕ و پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی نەوت بە درێژایی میژوو دەرهێنان گۆرانکاری بەسەر داهاتوە بە پێی کاتە جیاوازەکان و گۆرانکاریە سیاسیەکان بەردەوام لە هەڵبەزین و دابەزین دا بووە

5- لە رووی کۆمەڵایەتیەوە دەرکەوتنی نەوت لەوناوچانە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کۆبونەوەی دانیشتوان و گۆرانکاریە دیمۆگرافیەکان و ئەثنۆگرافیەکان هەبووە.

6- لە رووی ئابوریەوە دەرکەوتنی داهاتی نەوتی هەریمی کوردستان بە درێژایی میژوو تاکە سەرچاوە یاخود ڕێژەیەکی زۆر لە بودجەی عیراق بوە بەڵام لەم داهاتە ئەوەی تێدا بێ بەش بوە گەلی کورد بوە تاساڵی 2003

7- لە رووی سیاسیەوە نەوت ڕۆڵێکی نەرێنی بینیوە لە دەست نیشانکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان وە بوە هۆی دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر چوار پارچە وە بۆتە هۆکاری نەگەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی و سەرەرای توشبونی هەریمی کوردستان بە چەندین گرفتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

8- بوونی کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستادا خاڵیکی سیاسی بەهیزە بۆ هەرێم وە هۆکاری پاراستن و پاڵپشتی نیودەوڵەتیە بۆ دۆزی کورد لە عیراق.

**لیستی سەرچاوەکان :**


- **سەرچاوە کوردییەکان**

1- نەقشبەندی ، ئازاد محمد ئەمین. (1999)جوگرافیای هەرێمی کوردستان . کتێبی سەنتەری برایەتی ژمارە (3) .

2- تاڵەبانی ، جەلال.(1970) کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد ، چاپی یەکەم ، بیروت .

3- تالب ، جەزا تۆفیق . (2000) بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، چاپی دووەم ، سلیمانی .

4- حکومەتی هەرێمی کوردستان(2018) . وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، هۆبەی دارایی ، 2018.

5- راپۆرتی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.(2017) . وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، تشرینی یەکەم.

6- اسماعیل ، سلیمان عبدالله.(2004) . چەمك و سنووری هەرێمی کوردستان عێراق ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ، ژمارە(3) ساڵی دوانزەهەم ، ژمارە (44).

7- کاکە ڕەش ، تارق . بایەخی جیۆپۆلەتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوك ، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ك) ، سلێمانی.

- **سەرچاوە عەرەبیەکان**

8-الراوی منعم مفلح .(1981) دراسات في صناعة النفط العربية , كويت .

9-السماك، محمد ازهر.(2010) جغرافية النفط , مكتبة الفلاح , عمان ، الاردن.

10-السماك، محمد ازهر(1987) ، اقتصاديات النفط و السياسة النفطية ، اسس و تطبيقات ، موصل.

- **سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

11-Kurdistan regional government oil production.(2017) export and consumption report.

**دور النفط في الوزن السياسي للاقليم كوردستان-العراق**

**جزا توفيق طالب**
قسم جوگرافية-كلية العلوم الانسانية / جامعة السلمانية

**سيروان عارەب صادق**
قسم الاجتماع-كلية التربية الاساسية / جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

يعد النفط من أهم مصادر الطاقة لما له من دور استراتيجي في أوقات السلم والحرب, والنفط يتغير سعره من فترة لأخرى ولكن أهميته لا يتغير ولايقل نهائياً, لأنه لم يتم العثور على بديل له حتى هذه اللحظة, ولهذا فالدول المنتجة للنفط تعتبر من الدول المهمة على مستوى الاقتصاد العالمي, وهذه المكانة والأهمية تزداد يوماً بعد يوم لزيادة الطلب عليه في السوق العالمي, وكما هو معلوم أيضا فالنفط ليس مصدرا ثابتا وأبديا؛ فهي تقل يوما بعد يوم وهو ذات أجل محدد, وهذا أيضا من أسباب كون الدول المنتجة ذات أهمية كبرى.

اقليم كوردستان له احتياطي نفطي ضخم, وهذا ما جعل للإقليم مكانة مرموقة على الجانبين السياسي والاقتصادي في الخارطة العالمية, وهذه الأهمية تزداد باستمرار .

في هذا البحث نحاول عرض هذه الأهمية, حيث قسمنا البحث على ثلاثة محاور, المحور الأول (الأساسي): تعريف الأركان (المحاور) الأساسية في البحث وتعريف منطقة البحث, المحور الثاني: توزيع المصادر النفطية في إقليم كوردستان, المحور الثالث والأخير: التطور والتقدم في مجال إنتاج النفط وتأثير ذلك على اقتصاد الإقليم.

**The Role of Oil in The Political Weight of the Kurdistan Region - Iraq**

**Jaza Twfiq Talb**
Department of Geography College of Human Sciences / Sulaimani University

**Serwan Arab Sadiq**
Department of social scince- College of basic education / Salahaddin university-Erbil

**Abstract**

Oil is one of the most important sources of energy because of its strategic role in times of peace and war, and oil price changes from time to time, but its importance does not change and not less, because no alternative has been found so far, and therefore the oil-producing countries are important in the world economy, and this status and importance is increasing day by day to increase demand in the world market, as is also known as oil is not a fixed source and eternal: The Kurdistan Region has a huge oil reserve, and this has made the region a prominent position on the political and economic sides in the global map, and this importance is constantly increasing.
In this research, we try to show this importance, where we divided the research on three central points, the first one (basic): the definition of the pillars in the basic research and the definition of the research area, the second one: the distribution of oil resources in the Kurdistan Region, the third and final axis: development and progress in oil production and its impact on the region's economy.

**Keyword:** petrol, Kurdistan region, oil field, oil reserves.